ئینستیوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی–MIRS

ڕاپۆرتی پۆلەسی ژمارە:138

# خۆپیشاندانەکانی عێراق لە گۆشەنیگای سایکۆپۆلیتیکەوە

حەسەن مستەفا حوسێن

6 ی گەلاڕیزانی 2019

www.mirs.co

ئینستیتوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی- MIRS، دامەزراوەیەکی نا حکومی ئاکادیمی یە، گرنگی ئەدات بە توێژینەوە لە بواری نەوت و غازی سروشتی و سامانی ئا دا، هاوکات خۆی بە لایەنێکی گرنگی کارکردن ئەزانێت بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی جیۆپۆڵەتیك و بارودۆخی ناوچەیی و جیهانی بەگشتی، هاوکات ململانێ هەرێمایەتی و گۆڕانکارییە نێوخۆییەکان لەچوارچێوەی زانستی دیاریکراودا، مێدیتریانە ئەیەوێت بەشداری زانستی بکات لەو گفتوگۆیانەی لەسەر ئاستی جیهانی دا، سەبارەت بە ئێستاو ئایندەی سەرچاوەکانی ووزەو ئاسایشی هەرێمایەتی و بونیادنانی ئاشتی و کێشە مرۆییەکان لە ئارادایە، هەروەکو سێکتەرەکانی کارکردن بە سێ زمانی کوردیی و عەرەبی و ئینگلیزیی لە وێبسایتی ئینستیتوت دا ئاماژە پێدراوە(www.mirs.co)

# خۆپیشاندانەکانی عێراق لە گۆشەنیگای سایکۆپۆلیتیکەوە




حەسەن مستەفا حوسێن/ توێژەر لە پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی–MIRS . ماستەر لە یاسای گشتی

## دەستپێك

لەڕوانگەی سایکۆلۆژییەوە، رەفتار behavior سیماو روخساری تاکەکانە، ڕەنگدانەوەی دەروون و هەست سۆزو تەنانەت نائاگایەکشیەتی (لاشعور). بەڵام رەفتاری سیاسی (political behavior) لە دیدگای (داڤید هۆتۆن) پسپۆری بواری سایکۆلۆژیای سیاسی، بریتییە لە هەر چالاکییەك کە ئامانجێکی سیاسی بەدی دەهێنێت، وەك ئەو چالاکییانەی کە خەڵکی ئاسایی لە پرۆسە سیاسییەکان پراکتیزەی دەکەن، لەوانە: چوونەنێو پارتی سیاسی، دەنگدان لە پرۆسەی هەڵبژاردن تا دەگاتە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان و تەنانەت ڕەفتاری توندڕەوانەش.

خۆپیشاندان وەك ڕەفتارێکی سیاسی، بە ڕەگەزێکی گرنگی بەشداری سیاسی Political participation دادەنرێت کە بریتییە لەو چالاکییەی کە هاوڵاتیان بە مەبەستی بەشداریکردن لە نواندنی کاریگەری لەسەر پرۆسەکانی دروستکردنی بڕیار ئەنجامی دەدەن. یەکێك لە هۆکارەکانی خۆپیشاندان وەك چالاکییەکی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ نەمانی ئاستی متمانەی سیاسی (***Political Trust***) ی هاوڵاتیان بە دامەزراوەکانی دەوڵەت (پەرلەمان، حکومەت، دادگاکان، پۆلیس، نەبوونی خزمەتگوزاری و گەندەڵی.... هتد).

ئەم نووسینە هەوڵدانێکە بۆ شیکردنەوەی پاڵنەرە دەرەکی و ناوەکییەکانی هاندانی شەقام بەرەو خۆپیشاندن و نواندنی توندوتیژی، چونکە زۆربەی گردبوونەوە و خۆپیشاندانەکان خۆرسك نین و لایەنێکی شارەوا هەیە کە خۆراکی شەقام دەدات، لێرەدا بەدوای وەڵامی چەند پرسیارێك دەگەڕێن لەوانە: مەبەست لە زانستی سایکۆپۆلیتیك چییە و کامە بواری سیاسی دەگرێتەوە؟ لە ڕوانگەی سایکۆپۆلیتیك چۆن شیکردنەوە بۆ خۆپیشاندان و توندوتیژییەکان دەکرێت؟ ئایا لە گۆشەنیگای سایکۆپۆلیتیکەوە خۆپیشاندان دیاردەیەکی سروشتییە بۆ چاکساز و گۆرانکاری ریشەیی یاخود کەوتنە دوای عەوام و قەرەبالغییە لە پێناو ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو؟ لە ڕوانگەی سایکۆپۆلیتیکەوە چۆن خوێندنەوە بۆ خۆپیشاندان و توندوتیژییەکانی عێراق دەکرێت؟ ئەمانە کۆمەڵێك پرسن کە وەڵامی تایبەتیان گەرەکە.

## تەوەری یەکەم: ناساندنی زانستی سایکۆپۆلیتیك

سایکۆپۆلیتیك (سایکۆلۆژیای سیاسی – **Political Psychology**) بوارێکی ئەکادیمی فرە پسپۆرییە، کە لە ڕوانگەی سایکۆلۆژییەوە کار دەکات بۆ تێگەیشتن لە (**سیاسەت و سیاسییەکان و ڕفتاری سیاسی**)، چونکە پەیوەندی نێوان سیاسەت و سایکۆلۆژیا پەیوەندییەکی دوانەیە، بەوەی توێژەرو پسپۆران (زانستی سایکۆلۆژی) وەك ئاوێنەیەك بۆ تێگەیشتن لە سیاسەت، سیاسەتیش وەك ئاوێنەیەك بۆ تێگەیشتن لە رەفتاری سایکۆلۆژی تاك و کۆمەڵ بەکاردێنن. ئەم زانستە بۆیە بە فرە پسپۆری ناسێنراوە، چونکە پەیوەندییەکی تێکچێنراو و بەهێزی لەگەڵ زانستەکانی وەك: سیاسەت و زانستی کۆمەڵایەتی و یاسا و تەنانەت مێژووی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش هەیە[1].

پسپۆری بواری سایکۆلۆژیای سیاسی ( **David Patrick Houghton**) لە کتێبی سایکۆلۆجیای سیاسی (**Political Psychology**) دا پێناسەی زانستی سایکۆپۆلەتیك دەکات بەوەی: بوارێکی ئەکادیمییە لە ڕوانگەی دەروونییەوە توێژینەوەکانی سیاسەت و سایکۆلۆژیا بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە لەگەڵ بوارەکانی دیکەی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا[2]. ئەم زانستە هەوڵی وەڵام دانەوەی پرسیارێك دەداتەوە تا ئەمڕۆ وەك پێویست وەڵام نەدراوەتەوە، قسەکردن لە سەر هەڵسوکەوت و رەفتاری سیاسی و بەستنەوەی بە سایکۆلۆژیا و گرێدانەوەی لەگەڵ زانستی سیاسی لە کرۆکدا ڕەهەندێکی هزری و فەلسەفیشی هەیە، ئەم بوارە لە توێژینەوە، بە واتای گێرانەوەی ڕۆڵی سایکۆلۆجیا لە شیکارکردن و خستنەڕووی ڕاستییەکان لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی ، کە لە ئەمڕۆدا لای زۆرێك لە بیرمەند و فەیلەسوفەکانیش بوەتە بناغە بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارە هزری و فەلسەفیەکان.

هەروەها پرۆفیسۆر دکتۆر محمد عبدالفتاح المهدی لە کتێبی (علم النفس السیاسی) کە خوێندنەوەیەکی دیاردە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی میصریە بە ڕەهەندێکی سایکۆلۆژی، سایکۆلۆژیای سیاسی وەك زانستێك وێنا دەکات کە ئەم دیاردە سیاسییانە شرۆڤە دەکات: (**سایکۆلۆژیای دەسەڵات، سایکۆلۆژیای دەسەڵاتی تۆتالیتار، سایکۆلۆژیای جەماوەر، پەیوەندی نێوان جەماوەر و دەسەڵات، سایکۆلۆژیای خۆپیشاندان و توندوتیژی و گەندەلی، سایکۆلۆژیای سەرۆك و ئەو**

**فیگەرە سیاسییانەی کە کاریگەریان بەرچاویان هەیە لەڕوانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە)**[3]. بەو مانای ئەم زانستە بە دوای ڕەهەندە دەروونییەکانی چەند رەفتارێکی سیاسی دەگەڕێت وەلامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە: ئایا پەیوەندی نێوان سایکۆلۆژیا و سیاسەت چۆن شرۆڤە دەکرێت؟ چی وا لە سیاسەتمەدار دەکات، کە بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکات، کە دەیکات؟ بۆچی و لە سەر چ بنەمایەك کەسێکی ئاسایی بەشداری هەڵبژاردن دەکات، یان رەتی دەکاتەوە؟ ئەو بنەمایە چیە، کە وا لە کەسێك دەکات دەنگ بە لایەنێکی دیاریکراو بدات؟ چی لە پشت دروستبوونی بڕیار ی سیاسیەوە هەیە، یان بڕیار ی سیاسی لای سەرکردە چۆن دروست دەبێت؟ دیکتاتۆرەکان بۆچی لە پێناوی مانەوەی خۆیاندا بڕیار لە سەر شەڕ و کوشتوبڕێکی نامرۆیانە دەدەن؟ پاڵنەرەکانی نواندنی توندوتیژی و خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکان کامانەن؟ وڵاتان بۆ شەڕ دەکەن؟ رای گشتی چۆن دروست دەبێت؟ کاریگەریەکانی سەر بڕیار ی سیاسی چین و بڕیار لە کۆتاییدا چۆن دروست دەبێت؟ سایکۆپۆلەتیك بەتوێژینەوەو لێووردبوونەوە لە کارلێکی نێوان سیاسەت و دەروونناسیدا ، بە تایبەتی کاریگەری سایکۆلۆژیا لەسەر سیاسەت و وەلآمی گشتت ئەو پرسیارانە دەداتەوە.




**کتێبی سایکۆلۆجیای سیاسی، کە لەنوسینی (داڤید پاتریك هۆتۆن) ە، وەرگێڕ (حەمەڕەشید) بۆ سەر زمانی کوردی وەری گێڕاوە. یەکێك لەشاکارە زانستی و دانسقەکانە بۆ خوێندنەوەو بیرو توێژینەوەی سیاسی نوێ و لەگەڵ گیانی ئەم سەردەمەدا زۆر گونجاوە.**

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی زانستی سایکۆپۆلەتیك، سەرەڕای ئەوەی زانستێکی تازەیە، هاوکات زانستێکی ئەکادیمی ددانپێنراوە، بەوەی لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی وڵاتان وەك زانستێکی سەربەخۆ لە کۆلیژەکانی زانستی سیاسی و پەیوەندە نێودەوڵەتییەکان و دەروونناسیدا دەخوێندرێت. دەروونناس (هارۆڵد لاسوێل – Harold lasswell) لە سەدەی بیستەکانەوە توێژینەوەی لە بارەی کاریگەری زانستی دەروونناسی لەسەر سیاسەت کردووە. یەکەم کتێب بەناوی (A Handbook of political psychology) لە ساڵی 1973 بڵاوکرایەوە کە لەلایەن هەرسێ نووسەر: (Leonie Huddy-David O.Seara. Jack S.Levy). لە ساڵی 1977 کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بۆ سایکۆلۆجیای سیاسی دامەزرا (ISPP-International Society For Political Psychology)[4].

## تەوەری دووەم: خۆپیشاندان و نواندنی توندوتیژی وەك ڕەفتارێکی سیاسی

خۆپیشاندان وەك ڕەفتارێکی سیاسی، بە ڕەگەزێکی گرنگی بەشداری سیاسی Political participation دادەنرێت کە بریتییە لەو چالاکییەی کە هاوڵاتیان بە مەبەستی بەشداریکردن لە نواندنی کاریگەری لەسەر پرۆسەکانی دروستکردنی بریار ئەنجامی دەدەن. یەکێك لە هۆکارەکانی خۆپیشاندان وەك چالاکییەکی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ نەمانی ئاستی متمانەی سیاسی (***Political Trust***) ی هاوڵاتیان بە دامەزراوەکانی دەوڵەت (پەرلەمان، حکومەت، دادگاکان، پۆلیس، نەبوونی خزمەتگوزاری و گەندەڵی.... هتد)[5].

پسپۆری زانستی سایکۆپۆلیتیك (دیڤید پاتریك هۆتۆن) لە بەشی شەشەمی (سایکۆلۆژیای سیاسی) تیشك دەخاتەسەر خوپیشاندان وەك ڕەفتارێکی سیاسی بە کۆمەڵ و پشت بە توێژینەوەکانی (ئیرفنگ جانیس) لە مەر گۆڕانی رەفتاری تاك لە ناو کۆمەڵدا دەبەستێت. جانیس لە توێژینەوەکەیدا بە پرسیارێکی زۆر گرنگ باسەکە دەوروژێنێت، چی وا لە کەسانی بەهەرەمەند و لێهاتو و زیرەك دەکات لە کۆبونەوەی جەماوەریدا بکەونە دوای هەلۆێستی کەسانی نەخوێندەوار و بریاری ناتەندروست بدەن؟ ئەم دیاردەیە زۆر جار لە کاتی بەرپابوونی خۆپیشاندان و نارەزای جەماوەریدا هەستی پێدەکرێت،

کاتێك، کە زۆرینەی نەخوێندەواری خۆپیشاندەران بڕیارێکی ناتەندروست دەدەن ئەو گروپ و کەسە روناکبیرو بەهەرمەندانە بەشدار لە خۆپیشاندانەکە دەکەونە ژێر کاریگەری هەڵسوکەوت و رەفتاری زۆرینەوەو بە هەمان شێوەی ئەوان رەفتار دەکەن. هەندێك جار دەبینین بە هەمان شێوەی کەسانی نەخوێندەوار ، کەسانی رۆشنبیر دەکەونە بەرد هاویشتن و شکاندنی ماڵ و موڵکی گشتی. بە گوێرەی قوتابخانەی ڕەفتاری (behaviorist school) لە دەروونزانیدا، کە لە سەدەی بیستەم لەلایەن زانای ئەمریکی (واتسن) دامەزرێنرا، جەخت دەکاتەوە لەوەی: تاك هەموو ڕەفتارێکی لەو ژینگەی وەردەگرێت کە تیایدا دەژیت، بەو مانایەی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری و پەروەردەیی و تانەت ئاینیش ڕەنگدانەوەی بەرچاویان دەبێت لە رەفتارەکانی مرۆڤ، بۆیە کاتێك خۆپیشاندانەکان وەك رەفتارێکی سیاسی توندوتیژی تێدەکەوێت، ئەوا لە بنەرەتدا چەوساندنەوەو توندوتیژییەکان وەك کەلتوور و فەرهەنگ ڕەگیان لە کۆمەڵگەکەدا داکوتاوەو خۆی بەرهەمدێنێتەوە(6).

شۆرش و گردبوونەوەو خۆپیشاندانەکان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر، بە گوێرەی پاڵنەری ژینگەی دەروونی ناوەکی و ژینگەی دەرەکی لەیەکتر جودان، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە دەروونی مرۆڤ سروشتێکی ئاڵۆزی هەیە و بە ئاسانی تەفسیرو شرۆڤە ناکرێت، بۆیە ئاسان نییە نۆرم و رێسای جێگیر بۆ دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگەیەك دابنرێت، بۆ نموونە پاڵنەرە دەروونییەکانی شۆرشی فەرەنسی ساڵی 1789 لەگەڵ شۆرشەکانی وەك شۆرشی کوبای ساڵی 1959 و شۆرشی ئێرانی ساڵی 1979 و خۆپیشاندانەکانی بەهاری عەرەبی 2011 جیاواز، چونکە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی تاکەکان و رەوتی مێژوویی فکری سیاسی لە هەریەکە لەم وڵاتانە لە یەکتر جودان. لەبارەی ڕەنگدانەوە رەهەندە سایکۆپۆلیتیەکانی شۆرشی فەرەنسی (گۆستاف لۆبۆن) لە کتێبی (روحی شۆرشەکان)دا ئاماژە بەو بوعدە دەروونیانە دەدات کە بوونە پاڵنەری ئەنجامدانی شۆرشی فەرەنسی ساڵی 1789 کە بە یەکێك لە گەورەترین و کاریگەرترین ڕووداوی سیاسی و مێژژی دادەنرێت(7). هەروەها رۆماننووسی ئینگلیزی چارلس دیکنز ( Charles Dickens) لە رۆمانی (**Tale of Two Cities**) کار لەسەر شیکردنەوەی رەهەندە دەروونییەکانی شۆرشی فەرەنسی

دەکات و نموونەی ڕووداوی قەلای باستیل (باستد la bastide) دەهێنیتەوەو هەڵچوون و رقی پرۆلیتارەکان وەك گرێیەکی دەروونی دژ بە ئەرستۆقراتەکان بە یەکێك لە فاکتەرەکانی توندوتیژی کوشتارەکانی شۆرش لەقەڵەم دەدات. دیسانەوە لەسەر ئاستی تاکەکەس و فیگەری سیاسی، رەهەندە دەروونییەکانی رەفتاری سیاسییەکان وەکونین، بۆ نموونە رەفتاری سەرکردە تۆندەڕوەکانی دونیا وەك: هیتلەر، مۆسۆلۆنی، فرانکۆ، تا دەگاتە صەدام و ئەبووبەکر بەغدادی لە یەکدی جودان. هیتلەر هەوڵیدا مۆنۆپۆلی دونیا بکات و بەهۆی پەروەردەی توندوتیژییەوە دواتر توندوتیژی بەرهەمهێناوە، ئەبوبەکری بەغدادی گەورەترین دامەزراوەی تیرۆرستی دامەزراند (داعش) کە لەئەنجامدا بەشێکی عێراق و سوریا کردە گۆمی خوێنی مرۆڤی بێتاوان. بۆیە رەفتاری سیاسی هەر یەکە لە تاك و گروپەکان ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ژینگەیی و پەروەردەیی ئەو کۆمەڵگەیە کە تیادا ژیاون و ڕەفتارەکانیان هەڵقوڵاوی ژینگەی خێزانی و پەروەردەین، بەو مانایەی لە رەفتاردا بۆ ماوەیی رۆڵێکی کاریگەرییەکی نییە.

سایکۆپۆلیتیك هەندێ بنەمای ئەساسی خۆپیشاندانەکان دیاری دەکات بەوەی رەفتارێکی دەستەجەمعیی ئاشکراییە و سروشتی هەڵچوونی تیایدا زاڵە (طابع الانفعالي)، بۆیە بەهۆی هەڵچوونی لە رادەبەدەر توندوتیژی تاوانی گەورەی وەك کوشتن و کوشتاری لێدەکەوێتەوە. زۆربەی نارەزاییەتییە جەماوەرییەکان دەکەونە ژێر جەبری دەرەکی و دامەزراوە هەوڵگرییەکان هەڵچوونی دەروونی تاکەکان بە دەقۆزنەوە و ئاراستەکان بەرەو بەرژەوەندییەکانیان دەبەن، بەکارهێنانی خۆپیشاندنەکان بۆ روخاندنی رژێمەکان و توندوتیژی ریشەییەکی مێژوویی هەیە بۆ نموونە دەستوەردانی دەزگا هەوالگرییەکان لە خۆپیشاندانەکانی (تیمشواراو بۆخارست لە رۆمانیا، خۆپیشاندانەکانی جۆرجیاو ئۆکرانیا و ڤەنزیویلا و وڵاتانی عەرەبی). بۆیە پسپۆرانی بواری سایکۆلۆژیای سیاسی بەلاریدانی ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بۆ هۆکاری ئاستی پێشکەوتووی فکری سیاسی کۆمەڵگە دەگەرێنەوە، مەرج نییە هەموو چوونەر شەقامێك نارەزایی خۆرسك بێت، لەدوای هەموو هەڵچوونێکی دەستەجەمعی دەستێك هەیە، بۆیە کەوتنە دوای قەرەباڵغی عەوام کارێکی نا ئەقلانییە[8].

## تەوەری سێیەم: خۆپیشاندانەکانی عێراق لە گۆشەنیگای سایکۆپۆلتیک

لە ڕێککەوتی 3-10-2019 خۆپیشاندانێکی جەماوەری چەند شارێکی عێراق، بە بەغدادی پایتەختیشەوە گرتەوە، قوربانیانی خۆپیشانەکە تاکو نووسینی ئەم بابەتە زیاتر لە سەد کەسێك دەبوون، کە زۆرینەی قوربانییەکان خۆپیشاندەر و هەندێکیشیان کارمەندانی ئەمن و پۆلیس بوون، بەشێك لە کەسایەتییە سیاسیەکان ئەم ناڕەزایتیانەیان بە شۆرشێکی خۆرسکی دەنگی ناڕازیی وەسفکرد، بەوەی هیچ لایەنێك لە دوای ئەم نارەزایتییانە نییە، بەڵکوو فاکتەری توڕەیی و هەڵچوونی هاوڵاتیانی شارەکانی عێراقە بەهۆی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری سەرەتایی و بێکاری و نەبوونی دادگەریەوە. گومانی تێدا نییە کە خۆپیشاندان و ناڕەزایی مافێکی سیاسی و دەستووری‌ی ددان پێنراوە، بەلاّم ئەوەی بەلامەوە گرنگە، وەڵامدانەوەی ئەو پرسانەیە، ئاخۆ بۆچی هەموو جۆرە ڕەفتارێکی سیاسی لە عێراق لە هەڵبژاردنەوە بگرە تا دەگاتە خۆپیشاندان توندوتژیی و قوربانی لێدەکەوێتەوە؟ ئەو پاڵنەرە سیاسییە دەروونیانە چین کە بە ئاسانی دەتوانێ لەشکرێك لە تاکی عێراقی بخاتە سەرشەقامەکان و دژی لایەن و نەتەوەکانی تر بەکاریان بهێنێ؟ بۆچی ژینگەی عێراق ژینگەیەکی سیاسی لەبارە بۆ دروستبوونی توندوتیژی؟ بۆ نموونە لە دایکبوون و گەشەکردنی داعش لە عێراق بابەتێکە جێگای پرسیارو لێووردبوونەوەی قووڵە، بۆچی لەسەرانسەری دونیاوە تاکی عێراقی ئامادەگی ئەوەی تێدایە بکەوێتە داوی تیرۆر؟ ئەگەرچی وەلاّمدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستیان بە توێژینەوەی فکری و تیۆری قوڵ هەیە تاوەکو ئەو لایەنە سایکۆپۆلیتیکانەی ڕووداوە سیاسیەکان و ڕەفتاری سیاسی تاکی عێراقی پێ بخرێتەژێر نەشتەری لێکۆڵینەوە، لێ لەم نووسینەدا بە کورتی لەسەر هەندێ لەو پرسانە دەوستم و چەند دێرێکیان لەبارەوە دەخەمەڕوو.

بە گەڕانەوە بۆ ڕەوتی مێژوویی دروستبوونی دەوڵەتی لە ساڵی 1921ەوە، ئەوەمان بەرچاو دەکەوێت کە عێراق هەر لەسەرەتاوە کیانێکی سیاسی دەروستکراوی بەرژەوەندی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی وڵاتانی زلهێزە، بەو مانایەی عێراق وڵاتێك نییە کە لەسەر بنەمای ئینتماو گرێبەستی کۆمەڵایەتی هاتبێتەبوون، بەڵکوو کیانێکی نێودەوڵەتی سنوورکێشراوە کە لە چەند پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی و ئایدۆلۆژی جوداوە پێکدێت کە هیچ تایبەتمەندییەك بەیەکەوە کۆیانناکاتەوە. ململانێ هەزاران ساڵەی سوونەو شیعە، جەنگ و کودەتا و خوێنڕشتن، گۆڕێنی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکان

تا دەگاتە داعش، سیمای هەرە دیاری مێژووی سیاسی عێراقە. بەهۆی بەردەوامی ململانێی چینایەتی و نائیستقراریەتی سیاسی، رژێم و سیستەمی سیاسی و دەستوور ی عێراقی لە شەو و رۆژێکدا گۆڕدراون، هەر بۆیە عێراق بەدرێژایی مێژوو بە وڵاتێکی ناسەقامگیر و گۆمی خوێن وێنا کراوە.

بەهۆی ئەو ژینگە نالەبارەی عێراق، جەنگ و کودەتا، شەڕی ململانێ ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی، دەرەنجام کاریگەری بەرچاوی بەسەر سایکۆلۆژییەتی تاکی عێراقیدا جێهێشتووە. قوتابخانەی ڕەفتاری (behaviorist school) لە بواری سایکۆلۆژیدا کە لە سەدەی بیستەم لەلایەن زانای ئەمریکی (واتسن) دامەزرێنرا، جەخت دەکاتەوە لەوەی: تاک هەموو ڕەفتارێکی لەو ژینگەی وەردەگرێت کە تیایدا دەژیت. بۆیە ڕەفتاری تاکی عێراقی لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕەنگدانەوەی ژینگەی سیاسیی عێراقییە، کە بەردەوام توندوتیژی و ڕەگەزپەرستی ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی بەرهەدێنێتەوە.

کۆمەڵناس و مێژوونوسی ناوداری عێراقی دکتۆر عەلی وەردی (1913–1995) سەبارەت بە سایکۆلۆژییەتی تاکی عێراقی بە قووڵی روچوە بە ناخی تاکەکان، لەبارەی کاریگەری ژینگەی دەرەکی بەسەر تاکەکانەوە، وەردی پێی وایە **"مرۆڤ دەستکردی دەورووبەرە، بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی کاریگەری تەواوی دەوروبەری پێوە دیارە، لەسەر ئەوەش بازنەیەك وەکو چێوەی بیرکردنەوە بۆ مێشکی مرۆڤەکان نیگار دەکات"**. پاشان لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی سروشتی کۆمەڵگەی عێراقی و لایەنی دەروونیی تاکی عێراقی بەرەو ئاقارێکی زانستیی وای دەبەن کە دواتر بایەخی سەرەکیی دەداتە "میتۆدی سایکۆسۆسیۆلۆجی"، بەو پێیەی (دەروونناسی) و (کۆمەڵناسی) پێکەوە، باشتر دەتوانن کەسایەتییە ئاڵۆزەکانی تاکی عێراقی و نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگەی عێراقی بخوێننەوە. تێزی سەرەکیی عەلی وەردی بریتییە لە شیکردنەوەی سۆسیۆلۆجیی کۆمەڵگەی عێراقی کە لەمیانی ئەو شیکردنەوەیەدا رەخنە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و لە پەیوەندی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و لە سایکۆلۆجیای دووفاقیی تاکی عێراقی دەگرێت، **عەلی وەردی تێزەکەی لەسەر سێ فاکتەری سەرەکی بنیات دەنێت:**

**یەکەم:** ململانێی نەریتی دەوارنشینی و کولتوری شارنشینی (صراع البداوة والحضارة)

**دووەم:** دووفاقیی کەسایەتی (إزدواج الشخصية)

**سێیەم:** دژیەکیی کۆمەڵایەتی (النشاز الاجتماعي)[9].

بە خوێندنەوەی تێزو دیدگاکانی عەلی وەردی، دەتوانین ڕەفتاری سیاسی تاکەکان بخوێنینەوە، چونکە بوونی ململانێی نەریتی و مەزهەبی، دووفاقی کەسییەتی تاك، دژایەتی کۆمەلایەتی و تەعصوبی نەتەوەیی، بەربەستی گەورەی بەردەم گەشەسەندنی کۆمەڵگەی عێراقین، لەلایەکی ترەوە، هەموو جۆرە ناڕەزایەتییەکی سیاسی تاکەکان دواجار دەکەوێتە ژێر کاریگەری بارودۆخی سیاسی و مەزهەبی بەمەش هیچ بەرهەمێکی لێ سەوز نابێت.




بزوتنەوەی فکری و رۆشنگەری فەرەنسی بە ڕابەرایەتی هەریەکە لە (شارل مۆنتسکیۆ، جان جاك رۆسۆ، ڤۆلتێر) بوو بە فاکتەری سەرهەڵدانی شۆرشی فەرەنسی 1789 و هاتنەکایەی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاولاتیبوون و دەستووری مەدەنی کە، دروشمەکانیان بریتیبوون لە (جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، ماف و ئازادییە گشتییەکان، بەرەنگاربوونەوەی چینایەتی و دەرگیری ئاینی. دروشێکی خۆپیشاندانی عێراق هەڵدانی وێنەی پۆرنستارێك و لێکچواندنی بە دەسەڵات، جگە لە کەوتنە دوای قەرەبالغی و سوڕانەوە لە بازنەیەکی داخراودا، هیچی دیکەی لێوەر بەرهەم نایەت.

**دەرەنجام: ئەگەر گریمانەی ئەوەی بکەین کە خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایەی عێراق خۆپیشاندانی خۆرسکن و بارگاوی نین بە جەبری دەرەکی و ناوەکی، بەڵام دەکرێت گریمانەی کاڵبوونەوەو بێ بەرهەمبوونی ناڕەزایەتییەکان بکەین لەبەر ئەم فاکتەرانەی خوارەوە:**

1– هەموو شۆرش و ڕاپەڕینێکی سیاسی بەبێ خوێندنەوەو دیدگایەکی فکری قووڵی پێشەوەختە و بەبێ بوونی بزوتنەوەیەکی رۆشنگەری، ماندووبوونیەکەی بەخەسار دەچێت، ئەگەر لێرەدا شۆرشی فەرەنسی بە نموونە بهێنینەوەو بەراوردی بکەین بە خۆپیشاندانەکانی عێراق، لەسەدەی هەژەهەمدا فەرەنسا بزوتنەوەیەکی فیکری گەورەی بەخۆییەوە بینی، بزوتنەوەیەك بەوە دەناسرایەوە کە دژ بە جیاوازی چینایەتی و دژ بەوەی کۆمەڵێك کەس هەموو خێرو بێری وڵات ببەن بۆخۆیان و زۆرینەش لە هەژاری و بێ کاری و بێ خزمەتگوزاری دابن. ئەم بزووتنەوەیە کۆمەڵێك بیروڕای تازەی بڵاوکردەوە کە ڕەخنەی لە سیستەمی پادشایەتی و دەمارگیری پیاوانی ئاینی دەگرت، ناودارترین ئەو پێشەوایانەش بریتیبوون لە (مۆنتسکیۆ) کە داوای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی دەکرد. (ڤۆلتێر) کە ڕەخنەی توندی ئاراستەی جیاوازی چینایەتی و دەمارگیری ئاینی دەکرد، (جان جاك رۆسۆ) کە زیاتر جەختی لەسەر مەسەلەکانی ئازادی و یەکسانی دەکرد. بۆیە خۆپیشاندانەکانی عێراق کە دواجار بارگاوییە بەبیری مەزهەبی و بیرمەندەکانی کۆمەڵێك فەقی و مەلای سیاسی نەخۆشن، بۆیە جگە لە کەوتنە دوای قەرەباڵغی و هاتوو هاوار، گۆرانکارییەکی ئەوتۆی لێوەبەرهەم نایەت کە شیاوی ئەوە بێت ببێتە ڕووداوێکی مێژوویی کاریگەر.

2– عێراق کیانێکی سیاسیە لەڕووی ئینتمای نەتەوەیی گرفتی هەیە، چەمکی ئینتما (**Affiliation**) یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی بواری فەلسەفەو لێکۆڵینەوە سایکۆلۆژی تاکەکەسی (**personality Psychology**) و سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتی (**Social Psychology**) کە بە پێویستی گرنگی دەروونی و عامودی فەقرەی مانەوەی کۆمەڵگە دادەنرێت. بۆیە پسپۆرانی بواری دەروونزانی لێکۆڵینەوە لە بوعدە دەروونییەکانی ئینتمای نەتەوەیی دەکەن، بوونی ئینتمای نەتەوەیی بە کۆڵەگەیەکی گرنگی خۆشەویستی و روحی هاریکاری و

بەستنەوەی تاکەکان بەخاکەوە هەژمار دەکەن، بەپێچەوانەوە هەستکردنی تاکەکان بە نەمانی ئینتمای نەتەوەیی (عدم الانتماء– اللا انتماء) گرفتی گەورەی دەروونی دووچاری تاکەکان دەکاتەوە لەوانەش نامۆبوون (Alienation) کە بەمانای دورکەوتنەوەی دەروونی تاك دێت لە خودی خۆی و کۆمەڵگاکەی. لەم ڕوەوە عێراق کیانێکە لەگەڵبوونی ڕەگەزەکانی خاك و دانشتووان و سیستەمی سیاسی، بەڵام ڕەگەزێکی گرنگی دەروونی و مەعنەوی تیادا بەرجەستە نییە، ئەویش ئینتما بۆ خاك و نەتەوە، زۆربەی پێکهاتەکانی عێراق نەك حەز بەچارەی یەکتر ناکەن، بەڵکوو کار دەکەن بۆ لێکهەڵوەشاندنەوەی جەستەی بەیەکەوە لکێنراوی عێراق و سرێنەوەو لەناوبردنی نەتەوەو پێکهاتە مەزهەبییەکانی تر. بۆیە ئەم جۆرە خۆپیشاندان و نارەزایەتییانە ناچنەی خانەی بەشداری سیاسی دەستەجەمعی و کارکردن بۆ ئامانجێکی هاوبەش. نەبوونی ئینتماو ئامانجی هاوبەش فاکتەرێکی سەرەکیە بۆ کپبوونەوەی هەموو هەوڵ و تێکۆشانێك بۆ گۆرانکاری جددی لە پرۆسەی سیاسی.

3– فکری سیاسی لە عێراق فکرێکی ئاڵۆزو فرە ئایدیاییە، نەبوونی گوتاری سیاسی یەکگرتوو و روئیایەکی ڕوون و ئاشکرا لەڕووی سیاسەتی ناوەخۆیی و دەرەکی، کۆسپی گەورەی بەردەمی پێشووەچوونی عێراقە، دابەشبوونی فکری سیاسی بەسەر شیعەو سوونە، بوونی کورد وەك نەتەوەیەکی جیاواز لەلایەك، بوونی بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا و بەکارهێنانی خاکی عێراق بۆ تەسفیەکردنی حیسابات لەلایەکی تر، بەردەوام عێراقی دووچاری ناسەقامگیری سیاسی تێکچوونی ئەمن و ئاسایش کردۆتەوە. لەوبارەیەوە (پۆل بریمەر)ـە لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی واشنتۆن پۆست حاکمی پێشووی عێراق لەبارەی سایکۆلۆژیەتی دەسەڵاتی عێراقی گوتوویەتی: "ئێمە دەوڵەتی عێراقمان نەگرت، بەڵکوو ئەو دەوڵەتەمان هەڵوەشاندەوە و کارمان لە سەر سایکۆلۆژیەتی نەتەوە و مەزهەبە جیاوازەکان کرد، کە هەموو خاڵە هاوبەشەکانمان لابرد و خاڵە ناکۆکەکانمان بارگاوی کرد، بۆیە کاری ئێمە هەرگیز تەواو نابێت و، شتێك نییە بە ناوی ئاسایشی نەتەوایەتی» (10).

## سەرچاوەکان

1_ إيناس صبري عبد المنعم: علم النفس السياسى وسيكولجية القادة والجماهير، المركز الديمقراطى العربى.

2- داڤید پاتریك هۆتۆن: سایكۆلۆجیای سیاسی، وەرگێرانی بۆ كوردی: حەمە رەشید، چاپی سەردەم.

3_ د. محمد عبد الفتاح المهدي : علم النفس السياسي رؤية مصرية عربية، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة ، 2007 .

4- فواد صديق: دەروونزانی سیاسی، بەشوێنی چاپ، 2015.

5- حەسەن مستەفا: سیستەمە سیاسیەکان، لە بلاوکراوەکانی چاپخانەی ئەحمەدی خانی، 2018.

6- داڤید پاتریك هۆتۆن: سایکۆلۆجیای سیاسی، سەرچاوەی پێشوو.

7- جوستاف لوبون، روح الثورات والثورة الفرنسية، المطبعة العصرية، الفجالة، القاهرة،1934.

8- د. محمد احمد النابلسي: سيكولوجية التظاهرات العربية، المركز العربي للدراسات المستقبلية.

9- د.عەلی وەردی: وانەکانی ژیانم، وەرگێرانی: د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد.

10- د. یوسف عوسمان حەمەد: سایکۆپۆلیتیك و ئاسایشی نەتەوەیی(خوێندنەوەیەکی شرۆڤەکارییە)، گولآن میدیا.